# ئامێزێک بۆ مایکڵ مۆر !



**کەیهان عەزیز**
kayhanaziz@maktoob. com

لەسەردەمی ئەمڕۆماندا، کاتێک ئاسایشی کۆمەڵگا و کۆمەڵگای مەدەنی لەژێر شەقی هێزە سیاسیە بێباکەکاندا دەناڵێنن، ڕۆڵی سینەما لەدروستکردن و ئاراستەکردن و پیشاندانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا، بەرجەستە خۆی دەنوێنێت. کارامەیی دەرهێنەریش لەهەڵبژاردن و دروستکردنی سوژەیەکی زیندووی وادا کە پرسیار لای بینەرانی دروستبکات، فاکتەرێکی گرنگە. ئەمەش خەسڵەتی سینەمایەکەخوازیارە قسەی خۆی لەسەر کێشە گرنگ و دامێنگیرەکانی دنیای ئاڵۆزی ئەمرۆ بکات. پرسیار لەسەر جەنگ و تیرۆر،لەسەر ڕەشەکوژی وبرسێتی وبێکاری و نەبوونی ئاسایش، پرسیار لەسەر ئایەندەی ئاسایش بکات.

لەسەردەمێکی ئاڵۆز و بێبەزەیی وادا، کە ئەو پرسیارانە خەسڵەت و سیمای سەرتاپای جیهانیان گرتووەتەوە، کێ دەوێرێت ئەو پرسیارانە بوروژێنێ و زەنگی سکانداڵی مافیا سیاسیەکانی دەسەڵات لێبدات؟ کێ دەتوانێت بەزمانێکی جیاوازتر لەزمانی دروشمی دزێوی مەزاتخانەی حیزبایەتی، پەیام و پرسیاری ڕاستەقینەی بۆ کۆمەڵگا پێبێت؟ زمانێک کە دروشمە قەڵب وقۆڕەکانی، بژی وبروخێ، سەرۆک فەرموی!، سەرکردە سوپەرە، لیدەر پژمی، ڕابەرسێبەری خوایە،ڕابەر فری، ڕابەر ت...یان بەتەواوەتی ئیکسپایەر کردووە. زمانێک کە بێپەروا لەسوژەکانیدا، دێت لەبەرگێکی قەشەنگی هونەریدا، دەڵاڵە دڕندەکانی مەزاتخانە سیاسیە نێوخۆ و دەرەکیەکان، ناسیونال وئەنتەرناسیونالەکان، لێپرسراوانی جەنگ و تیرور ڕیسوا دەکات و هاواری برسێتی، بێکاری،نەداری و ڕەشەکوژی دەکاتە پەیامێکی ڕاستەقینە بۆ خەڵکە ڕاستگۆکان، سوژەیەک کەسەرتاپای پەرێشانییە و باس لە پەرێشانی زیندەگی، لە سایەی باندەکانی مەزاتخانەی سیاسەت دەکات. پەیامێک بۆ خەڵکانی پەرێشانی ئەم سەر زەمینە، پەیامێک گەرچی لە کەسانێکی تاکی خاوەن بڕواوە دەردەچن،وەلێ هەمیشە کارایی و گەورەییان بەئەندازەی تەواوی وڵاتەکانیان بەرین بووە،چونکە ئەوە ئەوانن کە شکۆی پووچی سەرۆک و ڕابەر و مەزاتخانەی سیاسەتیان خستۆتە ژێر زومی کامێراکانیانەوە و سکانداڵیان بۆ دروست ناکەن!، چونکە خودی ژیانیان بریتیە لەسکانداڵ. ئەوان تەنها دێن و بووێرانە پەردە لەسەر ئەم سکاندالانە لادەدەن !.

# ڕۆڵی زوم!

## *کەنگێ ڕۆڵ ونەخشی سینەمامان بۆ دەردەکەوێت؟*

کاتێک دەرهێنەری ناسراوی ئێرانی (ئەمیر نادری)، فیلمی (دونده)ی پاش نمایشکردنێکی کورت ڕادەگیرێ و لەلایەن زووربەی بڵاوکراوەکانی تارانەوە دەدرێتە بەر هێرشێکی وا کەناچاربێت

بەپاسپۆرتێكی ساختە(قولابی)وە خۆی دەرباز بكات،ئەوسا دەزانین نادری بۆ كۆمەڵگاكەی چەند كارا بووە. كاتێک (مەسعود معمار)ی فیلمساز هێندە سانسۆر ورێگری دەكرێت كەناچار بێت بە بەنێوی خەڵكی دیكەوە سیناریۆ وكارەكانی پەخش بكات وبەمەشەوە نەتوانێت تەی بكات!، و ناچارخۆی لە تاراوگەدا ببینێتەوە. كاتێک كە (ڕەزای عەلامی زادە) دێ و فیلمی (جنایت مقدس) دەردەهێنێت كەباس لەتیرۆری (ڕابەرانی حیزبی دیموكرات )دەكات، ئاساییە كە شوێنێک بۆ ئەو لە ئێراندا نەمێنێ و لێرەش بەرهەمەكانی سانسۆر بكرێن!. كاتێک (كیارستمی) فیلمی (مشق شب) كە تیایدا سیستمی پەروەردە و فێركردن،مەشق نووسینی شەوانەی خوێندكاران لەئێراندا دەداتە بەر ڕەخنە، ئاساییە دەست وپەنجە لەگەڵ سانسۆردا نەرم بكات. جەعفەرپەناهی، فیلمی (دایرە)ی سانسۆر دەكرێت و دەیەوێت لەئێراندا بمێنێتەوە و ناچارە بۆ فیلمی داهاتووی كەڵک لەسوژەیەكی وا ببینێت كە بەدڵی سانسۆرچیەكان بێت.

مسعودمعمار، لەگفتوگۆیەكیدا (24_05_2004) لەگەڵ نووسەری ئەم چەند دێرە دەڵێت :خاوەنی بیست سیناریۆی سانسۆر كراووم!. . هێندەش سانسۆر كرام تا وام لێهات جارێكیان بەناوێكی ترەوە سیناریۆیەک بنووسم ! و ڕەوانەی دەستگای سانسۆری بكەم. سەیریش لەوەدا بوو كە سانسۆریان نەكردا، گەر چی ئاستی ئەو سیناریۆیەم لەچاو ئەوانی تردا زۆر جیاواز بوو، وەلێ ئەو ڕووداوە بۆی دەرخستم،كە،سانسۆر چیەكان گرفتیان لەگەڵ خودی خۆم هەبووە و بەو هۆیەوە سەرئەنجام خۆم و سیناریۆكانم لە تاراوگە بینیەوە. لێرەش تا ئێستا(8)فیلمم دروست كردووە كە تەنها فیلمێكیانم (stem van de guitar) دەنگی گیتار،كە لە كانالی (1)تی ڤی هۆڵەند نمایش كراوە و تەنها ئەو فیلمەم سپانسور كرا،ئەوانی ترم لە گیرفانی خۆم دروستكردووە. ئەمە گۆشەیەكی گرنگی گرفتەكانمە!. تەنانەت لەسەر هەڵەبجەش فیلمێكم دروست كرد كە بەداخەوە گروپ ومیدیا كوردیەكان ئاوڕێكیان لێنەدایەوە!.

## زەنگی دوو سیناریۆ

پارساڵ،فیلمێكی مایكل مۆر كە بەناویشانی (bowling for columbine) بوو، خەڵاتی ئۆسكاری وەرگرت ولەپەیامێكیشیدا وتی: "ئاغای بۆش،خەجاڵەت بتگرێ! ".

لەڤیستیڤاڵی ئەمساڵی (كان)ی فەرەنسایشدا، دووبارە ئەم پیاوە مەزنە،لەڕێگای فیلمی (گەرمیپێوی 9/11) خەڵاتی بەرگی تەلایی وەرگرت و لەپەیامێكیدا وتی: "ئومێدوارم، بۆش بەدەم خواردنی بسكویتەوە هەواڵی سەركەوتنی من نەبیستێت،چونكە لەوانەیە لە بینی بگیرێت ".

كاریگەری جیهانی سینەما لەو سوژانەدا دەردەكەون كە فیلمسازان هەڵیان دەبژێرێت. لەسایەی دەرهێنەرانێكی وەک مایكل مۆردا، ئومێد بەئایەندەیەكی ڕۆشن بەدی دەكرێت. مۆر، سەلماندی كەلەسەرانی روسیە و ئاڵمان و فەرەنسا و چین مەزنترە،چونكە ئەوەی ئەوان نەیانوێرا بە بۆشی بڵێن، ئەو ڕاشكاوانە و لەڕێگای كامێراكەیەوە پێی ڕاگەیاند.

پێدەچێت مۆر بیەوێت بەم سوژانەی بەر بەو بەربەریەتە تازەیە بگرێت كە دامێنگیری جیهان بووەتەوە.

**Breda**
**24-05-2004**